وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە ( بۆ هەر پرسیارێك دوو نمرە )

1. حساب نەکردنی ئەم کارگوزارییە دەبێتە هۆی ئەوەی خەمڵاندنی داهاتی نەتەوە لە ڕاستییەکەی کەمتر بێت:
A) پارەمتییەکانی وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ پیرو پەککەوتەکان
B) کاتێ جوتیارەکان بەشێك لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بەکاردێنن
C) بەرگری
D) بەخشینەکان و دیارییەکان

2. حکومەت دەتوانێ پێداویستییەکانی کۆمەڵگە بزانێ بۆیە کاری ------------ لە ئەستۆ دەگرێ:
A) ئامادەکردن و خۆسازدانی بودجە
B) چاودێری و پێداچوونەوەی بودجە
C) هەڵسەنگاندن و پەسەندکردنی بودجە
D) ساڵانی بودجە

3. ئەو ڕامیارییە بازرگانییەیە کە دەبێتە هۆی فراوانکردنی پیشەسازییە ناوخۆییەکان و زیادبوونی خستنە سەرکاری کرێکاران:
A) بازرگانی سەربەست
B) سیستەمی بەشکاری
C) پاراستنی بازرگانی
D) سیستەمی مۆڵەتی هێنراوەکان

4. یەکێکە لە ئاما نجەکانی ڕێکخراوی وڵاتانی ناردەنی نەوت ( ئوپێك )
A) بەرزکردنەوەی نرخی نەوت
B) نزمکردنەوەی نرخی نەوت
C) دڵنیابوون لە چوونی نەوت بۆ وڵاتە بەکاربەرەکان
D) بەرزکردنەوەی نرخی دەرامەتە هایدرۆکاربۆنییەکان

5. جێگیرکردنی چالاکی ئابووری لە بەرزترین ئاستی گونجاو لە خستنەگەڕی دەرامەتە سروشتی و مرۆییەکان دەبێتە هۆی:
A) بارگۆرانی ئابووری
B) دۆخی بەرفراوانبوون
C) کەمبوونەوەی بەکاربردن
D) هێنانەدی ئاستێکی بەرز لە کارپێدان

6. هەر وڵاتێك ئامرازی تایبەت بەخۆی هەیە کە لە وڵاتێکی دیکەی جیا دەکاتەوە ئەو ئامرازانە ئەمانەن :
A) دارایی و بازرگانی
B) دارایی و بانکی و دراوی نیشتمانی
C) بازرگانی و بانکی
D) هێنراوەکان و نێردراوەکان و دراوی نیشتمانی

7. کەمی سەرمایە یەکێکە لە تایبە تمەندییەکانی دواکەووتنی ئابووری بە پێی بۆچوونی:
A) نرکسە
B) فردریك لیست
C) کینز
D) دیڤید هیوم

8. پێداویستییەکی گشتییە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت پێکەوە پێشکەشی دەکەن بەڵام دەوڵەت نرخەکەی دەدات :
A) خانوو
B) خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی
C) ڕامالینی شەقامەکان لە تۆز و خۆڵ
D) هیچیان ڕاست نین

9. بە پێی پۆلێنکردنی دەزگای ئاماری سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم کەرتە سەر بە کەرتی دابەشکردنە :
A) کارگوزارییەکانی کەرتی تایبەت
B) پیشەسازیە گۆرانکارییەکان
C) کانزاکاری و کانەبەرد
D) بانکەکان و بیمەکردن و خانووبەرە

10. شلەژانە ماوە کورتەکان لە تەرازووی پارەدان کاتێك پەیدادەبن کە :
A) بەرهەمهێنراوی نوێ بخرێتە بازارەوە
B) خواست لە سەر کەرەستە خاوەکان زیاد بکات لە کاتی شەڕ
C) تێچوونی پیشەسازی بەرز بێتەوە
D) هەموو وەڵامەکان ڕاستن

11. ساڵی 1991 لە لایەن ئەرجەنتین و بەرازیل و پارگوای و ئۆرگوای دامەزرا و لە ساڵی 1995 بووە یەکێتییەکی گومرگی :
A) الایجاد
B) بازاری هاوبەشی قوچەکی باشوور
C) ئاندین
D) لایا

12. پێویستییەکی حەتمییە بۆ وڵاتە دواکەوتووەکان کە ئابوورییەکانیان ئاراستەی پەرەپێدانێکی ئامانج بۆ دارێژراو دەکەن :
A) مەرکەزیەتی پلاندانان
B) کەلەکەبوونی سەرمایە
C) وەبەرهێنان لە سەرمایەی مرۆڤیدا
D) نوێکردنەوە

13. بریتییە لەو سامانەی کە باجی لێ دەدرێت و دەکەوێتە ژێر ڕکێفی باجەوە :
A) سەرچاوەی باج
B) دەفری باج
C) سەرچاوەی سەرەکی باج
D) نرخی باج

14. میری ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە زیادکردنی داهاتی نەتەوەیی و هاندان و ئاراستەکردنی وەبەرهێنان بۆ کەرتە جیاوازەکانی ئابووری لە ڕێگەی:
A) نەختینەیی- کارگوزاری - بازرگانی
B) بانکی - کارگوزاری - دابەشکردن
C) نەختینەیی - بانکی - بازرگانی
D) دارایی - نەختینەیی - بازرگانی

15. دەرفەت بۆ وڵاتە تازەپێگەیشتووەکان دەرەخسێنێت تا لە دەوڵەتە پیشەسازی و پێشکەوتووەکان قەرزیان دەست کەوێت:
A) ڕامیاری نەختینەیی
B) دارایی گشتی
C) بازرگانی ناوخۆ
D) بازرگانی دەرەکی

16. هاوبەندی دەوڵەتەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ( ئاسیان ) بڕیاری دامەزراندنی بازارێکی هاوبەشی فراوانی دا لە ساڵی :
A) 1975
B) 1976
C) 1977
D) 1978

17. لە دەوڵەتە پێشکەوتووەکان ڕامیاری ئابووری تەرخان کراوە بۆ:
A) پارێزگاریکردن یا خێراترکردن لە پەرەپێدانی ئابووری
B) بەرزکردنەوەی بەرهەمداری یەکەی کار
C) گۆڕینی بەردەوام لە بواری تەکنۆلۆجیا
D) پێکهێنانی سەرمایە لە ڕێگای کۆکردنەوەی پاشەکەوتە نیشتمانییەکان

18. ئەو چاودێرییەیە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە سەر کارەکانی دەیکات:
A) چاودێری پێشوەخت
B) چاودێری هاوچەرخ
C) چاودێری خۆییەتی
D) چاودێری بێ لایەن

19. دیڤید ریکاردۆ بیردۆزی تێچوونە ڕێژەییەکانی لە سەر چەند گریمانێك بونیاد ناوە لە وانە :
A) هێنانە ناوە وەی شێوازی تازە بۆ بەرهەمهێنان
B) تێچوونی بەرهەمهێنان لە سەر بنەمای کاتژمێری کار بن
C) ئاڵوگۆڕکردن بەسەودا گەری ( شمەك بە شمەك ) بێت
D) هەموو وەڵامەکان ڕاستن

20. لە ژێر ڕۆشنایی ستراتیژیەتی پەرەپێدانی مەودای دوور لە پلاندانان ئاما نجە ئابوورییە هەمووەکییەکان دەستنیشان دەکرێت لە لایەن:
A) ئەنجومەنی پلانداناند
B) پرۆژەکانی بەرهەمهێنان
C) سەرکردایەتی ڕامیاری
D) وەزارەتەکان

21. لەم حیسابەدا بەهای بازرگانی بینراو تۆماردەکرێت:
A) حیسابی سەرمایە
B) حیسابی زێڕی نەختینەیی
C) تەرازووی بازرگانی
D) حیسابی حەوالەکاری یەك لایەنە

22. بڵاوبونەوەی نەخوێندەواری و نزمی ئاستی فێربوون وا دەکەن توانای تاکەکان لە بواری بەرهەمهێنان و لێهاتووی کارگێڕی لە کۆمەڵگە لاواز بێت، یەکێکە لە دەرئە نجامەکانی:
A) بڵاوبونەوەی بێکاری
B) دواکەوتوویی پەیکەربەندی کۆمەڵایەتی
C) پاشکۆیەتی ئابووری
D) زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان

23. فیستەکانی بەکاربردنی قەرزی گشتی و سووی ساڵانە دەگرێتەوە :
A) خەرجییە سەربازییەکان
B) خەرجییە داراییەکان
C) خەرجییە ئابوورییەکان
D) خەرجییە کارگێرییەکان

24. ( خەرجی بەکاربردن + خەرجی وەبەرهێنان + خەرجی میری + پوختەی مامەڵە دەرەکییەکان ) =
A) خەرجی نەتەوەیی
B) بەرهەمی نەتەوەیی
C) داهاتی نەختینەیی
D) داهاتی ڕەخساو

25. خستنەگەڕی تەواوەتی ئاما نجێکی ئاشکرای............... لە دەوڵەتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکاندا :
A) ڕامیاری دارایی
B) ڕامیاری نرخ
C) ڕامیاری بازرگانی
D) ڕامیاری کشتوکاڵ

26. هاوردەی نەختینەیی لە بازرگانی دەرەکیدا هاوبەشی ناکات لە کرداری پەرەپێدانی ئابووری لە زۆربەی ئابووری :
A) وڵاتانی پیشەسازی
B) وڵاتانی دواکەوتوو لە ئابووری
C) وڵاتانی پێشکەوتوو
D) ( A و C ) ڕاستن

27. لەم سەردەمەدا بە ئامرازێك دادەنرێ کە هیچ توێژەرێك لە هەر لقێکی زانستی ناتوانێ دەستبەرداری بێت:
A) زانستی یاسا
B) زانستی ڕامیاری
C) زانستی ئابووری
D) زانستی ئامار

28. بۆ دیارکردنی قۆناغەکانی بارگۆڕانی ئابووری چەند نیشانیەك بەکاردێن لەوانە :
A) گۆڕان لە تێکرای بێکاری یان کارپێدان B) جێگیرکردنی ئاستی گشتی نرخەکان
C) گۆڕان لە داهاتی راستەقینەی نەتەوەیی D) جێگیرکردنی تێکڕای بێکاری یان کارپێدان

29. پشکی ( بەشی ) هەر دەوڵەتێکی ئەندامی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی لە سەر چەند پێوەرێك دیاری دەکرێ لەوانە :
A) نەرمی نواندن لە پلان B) رێژەی دانیشتوان C) بارگۆڕان لە تێکرای ناردەنی D) شوێنی جوگرافی

30. یەکێکە لە هۆکارە داراییەکانی زیادبوونی خەرجییە گشتییەکان :
A) بوونی یەدەگی پارەی تەرخان نەکراو بۆ هیچ بوارێك B) پەرەسەندنی ئابووری و زیادبوونی داهاتی نەتەوەیی
C) زۆربوونی پارتە رامیارییەکان و بڵاوبوونەوەیان D) پێشکەشکردنی یارمەتی و کۆمەك بە وڵاتانی تر

31. پارەدارکردنی پرۆژەکانی نۆژەنکردنەوە و بونیادنانەوەی دامەزراوەکان کە بەر کارەساتی سروشتی یان جەنگییەکان کەوتوون یەکێکە لە مەبەستەکانی بەکارهێنانی :
A) قەرزی زۆرەملێ B) قەرزی کورتخایەن C) قەرزی دەرەکی D) قەرزی ناوخۆ

32. سەرکردەکانی وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا رێککەوتن لە سەر تەواوکاری نەختینەیی لە رێگای دەرکردنی دراوێکی نوێ بە ناوی ( یۆرۆ ) لە :
A) پەیمانی رۆما B) پرۆژەی مارشال C) بریارنامەی بانکۆك D) پەیماننامەی ماستریخت

33. رێگا و بان و کارەبا و پالاوگەکانی ئاو و گەیاندن کە یارمەتی دەرن بۆ بەیەکەوە گرێدانی جموجۆڵە ئابوورییەکان ناسراوە بە :
A) پێکهێنانی سەرمایە B) ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری C) رەگەزی تەکنەلۆژیا D) وەبەرهێنانی راستەوخۆ

34. ناچونیەکی لە توانا مرۆییەکان یەکێکە لە هۆکارەکانی :
A) پسپۆربوونی نێو دەوڵەتی B) لاسەنگی تەرازووی پارەدان
C) هاوسەنگی تەرازووی پارەدان D) کورت هێنانی دارایی

35. ئەرکی تەرخانکردن یەکێکە لە ئەرکەکانی دارایی گشتی دەبێتە هۆی :
A) کەلێنی داکشانەوە B) دابینکردنی شمەکە گشتییەکان
C) گرنگی دان بە کەرتی تایبەت D) کەمبوونەوەی قەبارەی نێردراوەکان

36. هەندێك جار داکشانەوە لە ئەنجامی ئەوە پەیدادەبێت کاتێ میری بریار بدات دەرامەتە داراییەکان ڕابگرێت کە بڕیاریان لە سەر دراوە بە مەبەستی کەمکردنەوەی نرخەکان :
A) هۆکارە سروشتییەکان B) هۆکارە دەرەکییەکان C) هۆکارە رامیارییەکان D) هۆکارە ئابوورییەکان

37. سەرۆکی بانکی نێو دەوڵەتی دیاری دەکرێت لە لایەن :
A) ئەنجومەنی کارگێڕی B) ئەنجومەنی گشتی C) ئەنجومەنی پارێزگاران D) ئەنجومەنە پسپۆرەکان

38. ئادەم سمث پێی وایە پەرەسەندن لە میانەی پسپۆربوون و کاردابەشکردن دێتە دی بۆ ئەمەش پێویستە چەند مەرجێك هەبن وەك :
A) رەسمی گومرگی B) سەرمایە و بازار C) کرێ و مولکانە و سوو D) باج و بودجە و قەرز

39. ئەو سووی قەرزەی کە لە تاك و دەزگاکان وەردەگیرێت دەسهاتی دەوڵەتە لە :
A) سامانی خانووبەرە B) پرۆژەی پیشەسازی C) دەرامەتە سروشتییەکان D) دەرامەتی داراییەکان

40. بریتییە لە برێك پارەی نە گۆڕ/ جێگیر کە دەخرێتە سەر یەکەیەکی ئەو شمەکە وەك بڕی باجەکە ( 5 دولار ) بیت بۆ هەر مەترە قوماشێکی هێنراو :
A) باج بە پێی جۆر B) باج بە پێی بەها C) باجی بە ناو D) باجا هەڵکشاو

41. دەرکردنی پارەی نوێ دەبێتەهۆی : A) نزمبوونەوەی تێچوونی بەرهەمهێنان B) بەرزبوونەوەی هێزی دراو
C) دابەزینی بەهای دراو لەدەرەوە D) نزمبوونەوەی نرخی هاوردەکان

42. یەکێك لە رێگاکانی هاوسەنگ کردنی تەرازووی پارەدان و چارەسەرکردنی کورت هێنان ئەوەیە کە دەوڵەت هەڵسێت بە :
A) زیادکردنی قەبارەی هێنراوە بینراو و نەبینراوەکان B) کەمکردنەوەی قەبارەی هێنراوە بینراو و نە بینراوەکان
C) کڕینی زێر لە دەرەوە D) کەمکردنەوەی قەبارەی نێراوە بینراو و نە بینراوەکان

43. یەکێکە لە ئامانجە ئابووریەکانی باج :
A) پرکردنەوەی خەرجییەکانی دەوڵەت B) بەرەو پێشەوەبردنی کۆمەڵگە
C) تەرخانکردن و دابەشکردن و پەرەسەندن D) دووبارە دابەشکردنەوەی داهات و سامان

44. پلانی ئابووری سەرکەوتن مسۆگەر ناکات ئەگەر ئەم شێوازە لە لێکدانەوەکانی خۆیدا نەگرێتە بەر :
A) سەرتا پاگیری B) هەماهەنگی C) ڕیالیزمی D) بەردەوامیەتی

45. لە کۆمەڵەی نێردراوەکانی بازرگانی دەرەکی ئەم جۆرە بە نەبینراو دادەنرێت :
A) ئامێر B) خواردەمەنی C) ئوتۆمبێل D) گواستنەوە


46. پرۆسەیەکی نا پەسەند و فراوان و ڕێ بزرکردنە بەسەر دەقە یاساییەکان بە ئامانجی نەدانی ئەو بڕەی کە لە ئەستۆی باجدەردایە وەکو باج : A) خۆ لە باج لادان B) راکردن لە باج C) باجی ناراستەوخۆ D) هیچیان راست نین

47. موڵکی دەوڵەت لە ............. بە کۆنترین موڵکی گشتی دادەنرێت:
A) باج B) رەسم C) زەوی D) دەرامەتە داراییەکان

48. ئامرازێکە دەوڵەت بەکاری دێنێت لە پێناو گەشە پێدانی ئابووری هەتا کو پاشەکەوت ڕێکبخا و بەکاربردن ئاراستە بکرێت و توانای تاکەکەس و ئارەزووی بۆ کار بەرز کاتەوە :
A) تەرازووی پارەدان B) بودجەی گشتی C) ڕەسم D) سە پاندنی مەعنەوی

49. وێنە هێلکاریەکە نرخی دراوگۆڕینەوەی گۆڕاو ( نەرم ) نیشان دەدات لە وێنەکە بە ( چەماوەی دووەم ) دەوترێت:
A) چەماوەی سوودی سنوورەکی B) چەماوەی لێکچوو C) چەماوەی خواست D) چەماوەی خستنەروو

50. لە وێنە هێلکاریەکە ئەگەر نرخی دراو گۆڕینەوە لە ( 4 دۆلار ) بەرزبێتەوە بۆ ( 6 دۆلار ) دەبیتە هۆی :
A) زیادبوونی هەریەك لە بری خواست و بری خستنەروو B) بەرزبوونەوەی بری خواست و کەمبوونەوەی بری خستنەڕوو
C) زیادبوونی بری خستنەروو و کەمبوونەوەی بری خواست D) دابەزینی هەر یەك بری خواست و بری خستنەروو



دیارکردنی نرخی دراو گۆڕینەوە